# کاندیدێکی سەربەخۆش بۆ دەڤەری هەورامان

هۆرامان

بۆ پەرلەمانی کوردستان و هەموو پارتی و لیستەکانی هەڵبژاردن!

سڵاوێکی گەرم!
ناوچەی هەورامانی باشووری کوردستان ئەو ناوچەیەیە کە لە ماوەی شورشەکانی کوردا جێگەی دالّدەدان و یانەی شۆڕشگێران بووە و هەردەم باوەشی بۆ تێکۆشەران کردووەتەوە، چەندەها شۆڕشگێڕ و شەهیدی لە پێناوی سەربەخۆی کوردستان و بەرگری لە کەسایەتی و بوونی کورد کردووە. لە بەر ئەو هۆیەش داگیرکەرانی کوردستان بە تایبەتی حکومەتی عێراقی داگیرکەر چەندەها جار وێرانی کردووە و خەڵکی بەئەمەکی ئەو ناوچەیەی دووچاری ڕاوەدونان و سەرگەردانی کردووە. لەدوا ئەنفالیشدا. ساڵی 1988 ڕژێمی عەرەبی بەغدا بەتەواوەتی ئەو ناوچەیەی وێران و خاپورکرد و دەوڵەمەندترین و کۆنترین فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردی سڕییەوە و دانیشتوانەکەشی پەرەوازە کرد و ژینگەکەی تێکدان.

هەر لەبەر ئەو هۆکارەی سەرەوە و وەك مافێکی دیموکراتی، ئێمە وەك دەستەی نووسەرانی هەورامان داوا لە پەرلەمانی کوردستان و پارتی و ڕێکخراوە کاندیدەکان دەکەین بە پێی ڕێژەی دانیشوانی ناوچەی هەورامان نوێنەری سەربەخۆ بۆ ئەو ناوچەیە لە پەرلەمانی کوردستان دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بتوانێت دەنگی خەڵکی دەڤەری هەورامان بەو ئۆرگانە گرنگەی گەلی کورد بگەێنێت. کاری ئەو نوێنەرە ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ چاودێری ئەو پرۆژانە بکات کە بۆ ناوچەی هەورامان تەرخان دەکرێن و دوور لە گیانی پارتایەتی، باشترین خزمەتی ئەو ناوچەیە بکات.

ئێمە وەك دەستەی نووسەرانی هەورامان بوونی ئەو کاندیدە لە پەرلەمانی کورد لە باشووری کوردستان بەئەرکێکی مێژوویی دەزانین، چونکە هەموو کاندیدێک باشتر شارەزای ناوچەکەی خۆیەتی و لە ئێش و ئازاریان تێ دەگات. ئێمە بەگەرمی پێشوازی لە هەر جۆرە پێشنیارێک دەکەین و پێمان وایە مافێکی ڕەوای خەڵکی هەورامانە کە بەشێک لە بوجەی حکومەت بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی ئەو ناوچەیە تەرخان بکرێت.

هیواداریین ئەم پێشنیارەمان بە هەند وەرگیرێت

دەستەی نووسەرانی هۆرامان
ئاسۆ بیارەیی
ئەردەڵان عەبدولا
هەورامان عەلی توفیق
هەورامان عەبدوالرحمن
بەیاننامەی ژمارە 3
2009/6/16